# سەرەتایەک بۆ فەرهەنگی کۆمەڵگا لە کوردستان

## ئاسۆ حامدی

### پیناسە و بابەت

فەرهەنگ سەرخانی کومەڵگا پیك دێنێ،یانی هەموو میدیا، ئەدەبیات و هونەری تەشکیلی بە هەموو جۆرەکانیەوە و گۆرانی و مۆسیقا و سینەما و شانۆ ...هتد دەگرتە خۆ.
لە واقع دا سەرخانی کۆمەڵگا دوای ژیرخانی کۆمەڵگا رێچکە دەگرێ. یانی ئابووری کۆمەڵگا و بنەماکانی سەرخانی کۆمەڵگا دیاری دەکەن لە گشتدا. بەلام لە تایبەتدا مەرج نیە هەموو کۆمەڵگایەکی ئابووری هەژار فەرهەنگێکی هەژاری هەبێ.
فەرهەنگی کۆمەڵگا کاریگەریەکی جدی دەخاتە سەر چۆنایەتیەکانی کۆمەڵگا لە هەمان کاتدا چۆنایەتیەکانی کۆمەڵگا فەرهەنگی کۆمەڵگا دیاری دەکەن.( چۆنایەتیەکانی کۆمەڵگا بریتین لە چۆنایەتی ئابووری، چۆنایەتی ژینگە، چۆنایەتی کۆمەلایەتی ، چۆنایەتی دەوروبەر، پرۆسێسەکان بۆ بەرێوەبردنی چۆنایەتیەکان).
لەبەرئەوەی کوردستان وولاتیکی داگیرکراوە بە سەدان ساڵە، داگیر کەران هەردەم هەولی زالی فەرهەنگی خۆیان داوە بەسەر کۆمەڵگای کوردستان لە هەمان کاتدا خەلکی کوردستان بەردەوام لە بەرگری دا بووە بۆ پاراستن و بەرەوپێش بردنی فەرهەنگی کۆمەڵگا.
فەرهەنگ رەنگدانەوەی تەواوی ئاڵوگۆرەکانە لە کۆمەڵگا، مێژووی بریتیە لە مێژووی تەواوی رووداوەکان و تۆمارێکی راست و دروستی رووداوەکانە. بە هەموو پۆزەتیف و نێگەتیڤیەوە.
فەرهەنگی هەموو کۆمەڵگایەک سەرچاوەکەی سروشت و کارە. کار رۆڵێکی سەرەکی لە پەیدابوون و گەشەسەندنی فەرهەنگ دا دەبینێ.
مەزهەب یش لە تەواوی ژیانی مرۆڤایەتیدا رۆلی خۆی لە فەرهەنگدا بینیوە. بەلام مەزهەب سەرچاوەی پەیدابوونی فەرهەنگی مرۆڤایەتی نیە.
داگیرکەرە عەرەبە ئیسلامەکان و لە ناوبردنی ئایینی زەردەشتی مێژووی فەرهەنگی لە کوردستان دوو پر کرد و بەرەو هەلدێری برد. تەنها وێنە و نوسینەکانی سەر شاخەکان و ئەشکەوتەکان نەبێ کە تا ئیستاش هەر بەشیکی زیندوو لە فەرهەنگی کۆمەڵگاکانی کۆن و نوێ دەگێرن لە کوردستاندا.
سروشتی ناوچەکە و بنەمای کۆمەلایەتی کۆمەڵگا سەرچاوەی ئیلهام و رەوشی گەشەدانی فەرهەنگن.
ئەدەبیاتی نوسراو لەم ناوجەیە مێژوویەکی یەکجار کۆنی هەیە، شارستانی میزۆپۆتامیا نموونەی گەشی ئەم مێژووەن.
لە دوای بە ئیسلام بوونی کۆمەڵگای کوردستان ئاینی ئیسلام کاریگەریەکی زۆری لەسەر میدیا و هونەر و مۆسیقا و نواندن لە سەرەتای خۆیدا دانا.
مەلاکان و شیخ و مریدەکان سەرچاوەی میدیا یان کۆنترۆلیان بوون. چونکە میدیا ی کۆمەلگا میدیای چینی دەسەلاتدارە لە کۆمەڵگا، مەلاکان لەگەڵ چینی دەسەلاتدا هاوشان بوون بۆ کۆنترۆلی کۆمەڵگا.
بەشەکانی تر لە فەرهەنگ لە سنووری مەزهەب دەرچوون و بەهای کۆمەلایەتی خۆیان پاراست. بەتایبەتی گۆرانی و مۆسیقا و نواندن و هونەری تەشکیلی( ئەمانە لە سەرەتای خۆیاندا بوون).لێرە کەمێ لەسەر گۆرانی و مۆسیقا هەلوەستەیێ دەکەین.
گۆرانی و مۆسیقا لە کۆمەلگای کوردستان بەشیکی حەیاتی لە ژیانی ئەم کۆمەلگایە پر لەدەردەسەریی و بەرگریەدا دەنوێنێ.
گۆرانی و مۆسیقا لە کورستان دوولایەن بوون، لە لایەک زەوق و سەلیقەی مرۆڤەکان لەلایەکی تر هاندان و دژایەتی داگیرکەران بوون. لەلایەک داگیرکەران بەرەو چەواشەیان دەبرد لە لایەك کۆمەلانی خەلک بنەرەتیەکانی خودی گۆرانی و مۆسیقایان دەپاراست.

ئەم کێشە ئاڵۆزە لە گۆرانی و مۆسیقای رۆژهەلاتی ناوەنددا رەنگدانەوەی مەسەلەکان کێشمەکێشە ئابووری و سیاسەکان بوون.
مۆسیقای هەموو میللەتانی رۆژهەلاتی ناوەراست لە گشتدا یەک ستایلیان هەیە. بەلام لە تایبەتددا هەر میللەتەو ستایلی جیاجیای هەیە. لە نێو تایبەتەکانیش دا جیاوازی لە ناوچە بۆ ناوچە هەیە. ئەم دەولەمەندیە لە تایبەتددا دینامیکیەتی سەلیقە و زەوقی مرۆڤەکان و وەستای گۆرانی بیژان و مۆسیزیەنەکان دەگەیەنێ.
هەر وەکو گوتمان کار و سروشت دەورێکی سەرەکیان لە فەرهەنگی مرۆڤایەتی دا هەیە.بۆیە هەمان کاریگەریان لەسەر گۆرانی و مۆسیقای کۆمەلگای کوردستان دانا.
خێرایی رتمی گۆرانی کوردی لە گشتدا مانای سروشتی خۆیان هەیە. خاوی رتمەکانی ناوچەکانی دەشتەکان مانای سروشتی واقعی دەگەیەنن.
داگیرکەران هەردەم لە هەولی وونکردنی ناسنامەی ئەسلی هونەری ناوچەی رەسەنن.ئەگەرچی هێندە ستایلی گۆرانی کوردی هەرچەندە داگیرکەران هەولیان داوە بە درێژایی میژوو کاری لێبکەن بەلام هەر نەیانتوانیووە یەک زەررە کاری تێبکەن. بەنموونە تا ئیستا لاوک بە نموونە ئەسلی خۆی لەدەست نەداوە و هەردەم پالەوانی و سوارچاکی و بەرگری کۆمەلانی خەلکی نیشانداوە دژی داگیرکەران لە هەمان کاتدا وەکو تۆماری و فلیمیکی رووداوەکان بووە. ئەمە لە بواری خۆشەویستی و دلداری و فیداکاریدا هەر بێ وینەن.
لە مێژووی هاوجەرخ دا گۆرانی و مۆسیقا لە نێوان ئالوگۆرە ئابووری و سیاسیەکاندا وەکو هەر مەسەلە فەرهەنگیەکانی تر دووچاری هەلبەزین و دابەزین بووە. گەشەسەندنی گۆرانی مۆسیقای لە کۆمەلگای کوردستاندا لە سنووری کۆمەلایەتی زۆر سادە وساکار هەنگاوی ناوە ، ئەگەرچی گشت چۆنایەتیەکانی کۆمەلگا بە سستی حەرەکە دەکەن، بەلام جێی داخە هونەر نە بۆتە ئەم هۆیەکاریگەرە کە کۆمەلگا بەرەو وەرچەرخان ببات.
شانۆ لە ژیانی کۆمەلگادا زۆرجار ئەم رۆڵە دەگێرێ بەلام لە فەرهەنگی کۆمەلگا لە کوردستان لە جیاتی بەرەوپێش بچێ ئەوا بەرەو دواوە هەنگاوی ناوە.
حەرەکەی شانۆیی لەبەر بێ ئاگایی یان لەبەر وەزعیەتی ئابووری و سیاسی کۆمەلگا بەرەو هەلدیر دەچێ.
خۆ نواندن و سینەما هەر لە سەرەتایی خۆیان دان. بەکورتی تەواوی میدیا لەم کۆمەلگایە جگە لە میدیای دەسەلات میدیای ئۆپۆزیسیۆنیش نەیتوانیوە ئەم گەشەیە پێویستە بە کۆمەلگا بدات.
پێوانەی واقعی بۆ ئەمە وەزعیەتی مەوجودە، دەکرێ لە داهاتوودا رەخنەی جدی لە لەم رەوشە بگیرێت بۆ سەرخانی کۆمەلگا نەیتوانییووە ئەرکەکانی خۆی بە جی بگەیەنێ وەک کە پێویستە بە جێ یان بگەیەنێ.
بە نموونە سەردەمی رینساس لە ئەوروپا بۆ نەبێتە دەرسیکی میژووی بۆ فەرهەنگ لە کۆمەلگای کوردستان. بەلام نابێ لە بیرمان بچێ ئامادەگی کۆمەلگا بۆ ئەم سەردەمەو پەیدابوونی کۆمەلە نوسەر و داهێنەرێ کە بتوانن ئەم رەوتە بە پراکتیک بگەیەنن.
ئەم گریمانە لە نەزەری من دوورە لە هەردوو هۆکاری دا.
فەرهەنگی کوردستان کاتێ سەربەرز دەکاتەوە و داهێنەردەبێ کاتێ کە چۆنایەتەیەکانی کۆمەلگا بەم ئاستە گەیشتن کە پێویستە هەبن. یانی کۆمەلگای شارستانی بە فعلی هەستی پێکرا لەم ناوچەیە پر کێشمەکێش دا....
بە کورتی فەرهەنگی ئیستا لە ئاست کۆمەلگایەکەدایە بە هەموو مانایەکیەوە.جا مەبەستمان وەرچەرخانیەتی لە ئایندەدا ئەمەش کاتی زۆری دەوێ. نوێخوازی و رەسەنایەتی لە گەڵ یەکدا دەتوانن کۆمەلگا بەرەو پێشەوە بەرن، نوسەران وهونەرمەندان لە کوردستان دەبێ هەست بەم ئەرکە مێژووییە بکەن و زیاتر کار لە جەماوەرەکانیان بکەن. نوسەران و هونەرمەندانی رەسەن ئەرکێکی قورسیان لەسەر شانە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەلانی خەلک.لە هەمان کات هەستی ناسکی عیشق ئازادی دەبێ لەگەڵ یەکدا تیکەلاو بن.
دەبێ فەرهەنگ لە کۆمەلگای کوردستان ئەم هەلە مێژووییە لەدەست نەدات.

**ئاسۆ حامدی**
**دیسەمبەری 2005**

**ڕوونکردنەوەیی بۆ خوینەران:**

* ئەم باسە زۆر زۆر هەلدەگرێ ( من باسم تەنها لە گۆشەیەکی کەمی کردووە) ، مەبەستم تەنها لێرە ئەوەیە ڕۆڵی سەرخان لە سەر ژێرخانە لە کۆمەلگای کوردستاندا چ گرنگیەکی هەیە بۆ بە شارستانی بوونی کۆمەلگا.کەسانی تر دەتوانن هەرجارەی چەمکیکی بگرن ( میدیا، گۆرانی و مۆسیقا،نواندن، سینەما، شانۆ، .هتد.هتد).